وەزیری سەدر: دەمانەوێت ژمارەی ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی بەشداربووان



کەسێکی نزیك لە ڕابەری ڕۆحی نیشتمانیی شیعە بە پۆیستی دەزانێت هاووڵاتیان کارتی دەنگدانیان نوێ بکەنەوە؛ داواش لە هاووڵاتیان دەکات بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن.

شەممە، 19ـی نیسانی 2025، ساڵح محەممەد عەراقی، کەسایەتیی نزیك لە موقتەدا سەدر، ڕابەری ڕۆحی نیشتمانیی شیعە لە پەیامێکدا کە لە پلاتفۆرمی (تێلیگرام) باڵاوی کردووەتەوە، نوێکردنەوەی کارتی دەنگدانی لە لایەن هاووڵاتیانەوە لەسەر ئاسپاردەی سەدر بە پۆیست زانیوە.

ساڵح محەممەد عەراقی گوتووشیەتی، هانی عەراقییەکان دەدەن بۆ نوێکردنەوەی کارتی دەنگدان وەکوو ئەرکێکی زۆر پۆیست.

ساڵح محەممەد عەراقی جەختیشی کردووەتەوە، دەیانەوێت ژمارەی ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی بەشداربووان.